# بەشێک لە ئافرەتان بە کارکردن لەسەر شەقام و ناو کارگەکان بژێوی خۆیان دابین دەکەن



**جیا لە کەرتی گشتی و دامودەزگەی حکوومی کە ژمارەیەکی زۆری لە ئافرەتانی فەرمانبەری لەخۆ گرتووە، هەروەها جیا لەو ئافرەتانەی کە لە کەرتی تایبەتدا و لە ناو مۆڵ و مارکێت و کۆمپانیاکان وەک کارمەند کاردەکەن، ژمارەیەک ئافرەتیش هەن کە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان و خێزانیان، بەناچاری پەنایان بۆ کاری تاقەتپڕووکێن لەسەر شەقام و ناو کارگەکان بردووە. هەریەک لەو ئافرەتانە گرفتی گەورە و ئاریشەی تایبەت بە خۆیان هەیە و جەختیش لەوە دەکەنەوە کە تەنیا کارکردن کەرامەتیان دەپارێزێت و نەفرەت لە دەست پان کردنەوە و دەرۆزەکردن دەکەنەوە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان شەن و کەوی ئەو پرسە دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«بێوەژنم و سێ کچم هەیە و تەمەنیان ١٥،١٣،١٢ ساڵانن و هیچیان نەچوونەتە قوتابخانە و خوێندەوارییان نییە، بچووکەکەیان باری دەروونی جێگیر نییە، سەردانی دکتۆری پێویستە. کچەکانم تەمەنیان کەمە و ناتوانن کار بکەن، لە کەرکووکیش وەزعەکە هیچ باش نییە و ئافرەت ناتوانێت کار بکات.»

ئەوە قسەی (سەلما سەلیم)ی تەمەن ٥٥ ساڵ بوو، کە لە بازاڕی لەنگەی هەولێر کلینکس دەفرۆشێت. وەك خۆی باسیکرد خەڵکی شاری کەرکووکە و خۆی و کچەکانی لە خانووی بەکرێدا دەژین.

سەلما لە بارەی ژیانی خۆیەوە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «کچەکانم لە لای پووریان بە جێ دەهێڵم و هەفتانە سەردانیان دەکەم، بۆ خۆیشم لە هەولێر کار دەکەم و شەوانە لە ماڵی خوشکێکم دەمێنمەوە، خوایان لێ رازی بێت ژوورێکیان پێ داوم، هەندێ جار منداڵەکانم دێنم بۆ هەولێر و لای خۆم دەمێننەوە، بەڵام حەز ناکەم بارگرانی بۆ کەس دروست بکەین، بۆیە زیاتر لە ماڵی خۆمانن و من سەردانیان دەکەم. بەڕاستی ژیانمان زۆر ناخۆشە، کرێچیم و مانگانە ١٥٠ هەزار دینار کرێی خانوو دەدەم، دوو مانگیشە کرێی خانووم نەداوە، بە خوا ئەگەر کار نەکەم، کەس نییە هاوکاریمان بکات.»

کاتێك پەیامنێری گوڵان داوای مۆڵەتی لێکرد بۆ ئەوەی وێنەی بڵاو بکرێتەوە، بە بزەیەکەوە وتی: «من کار دەکەم، بە کەرامەتەوە دەژیم و شەرمیش ناکەم وێنەی خۆم و کارەکەم بڵاو بکەنەوە. من لە رووم نایێ وەکو هەندێ کەس سواڵ بکەم، بێزم لەو کارانە دەبێتەوە و دەمەوێ نانی حەڵاڵ بۆ منداڵەکانم پەیدا بکەم.»

**بەپێی رووپێوێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی ٢٠١٧ یەک ملیۆن و ٢٤١ هەزار و ٤١٧ کەس، کە تەمەنیان گونجاوە بۆ کارکردن، کارناکەن و بەدوای کاریشدا ناگەڕێن**

هەر لە ناو بازاڕی لەنگەی هەولێر ئافرەتێکی تەمەن ٤٦ ساڵ هەبوو کە لەگەڵ هاوسەرەکەی پێکەوە لە دووکانێکی خنجیلانەدا کاری هەویرکاری و شیرنەمنی دەکرد. ئەو وەستای دروستکردنی پاقلاوە و لوقمە کاخەزی بوو، ئەگەرچی نەیویست ناو و وێنەی بڵاو بکرێتەوە، بەڵام داوای کرد ناوی دوکانەکەیان (روناهی) بڵاو بکرێتەوە. وەك خۆی باسیکرد لە مانگی رەمەزان داهاتیان باشە و فرۆشیان زیاترە. سەبارەت بە کارەکەشی دەڵێت: بە زمانی بەرۆژوو لە بەر کوورە و ئاگر پاقلاوە و لوقمە کاخەزی و شیرنەمەنی جۆراوجۆر دروست دەکەم و هاوکاری مێردەکەم دەکەم و شانازی بە کارکردنیشم دەکەم.

**بە زمانی بەڕۆژوو لە بەر کوورە و ئاگر پاقلاوە و لوقمە کاخەزی و شیرنەمەنی جۆراوجۆر دروست دەکەم و هاوکاری مێردەکەم دەکەم و شانازی بە کارکردنیشم دەکەم**

ئەسما سادق، تەمەنی ٣٧ ساڵە و لە کارگەیەکی دروستکردنی ترشییات کار دەکات. وەك خۆی باسیکرد لەو کارگەیەدا شەش ئافرەت کار دەکەن. سەبارەت بە کارەکەشی دەڵێت: «خاوەن کارەکەمان خوای لێ رازی بێت، زۆر رێزمان دەگرێت و لە کاتی خۆی مووچەکەمان دەداتێ و لە جەژنەکانیش هاوکاری زیاترمان دەکات. پیاوێکی لە خواترسە و زوو زوو قوربانی دەکات و بەشی هەموو کرێکارەکانیشی لێ دەدات.»

**لە رووم نایێ وەکو هەندێ کەس سواڵ بکەم، بێزم لەو کارانە دەبێتەوە و دەمەوێ نانی حەڵاڵ بۆ منداڵەکانم پەیدا بکەم**





جیا له‌ کاری ئافره‌تان له‌ ناو کارگه‌کان، ژماره‌یه‌کیش له‌ کچانی که‌م ته‌مه‌ن و منداڵ له‌سه‌ر شه‌قامه‌کان کلینێکس و بنێشت ده‌فرۆشن و ژماره‌یه‌کیشیان هه‌ر کار ناکه‌ن و به‌ ئاشکرا ده‌رۆزه‌ ده‌که‌ن. زۆربه‌یان له‌ به‌ر تیشکی هه‌تاودا پێستی ده‌موچاویان بۆر بووه. فاتیمه‌ی ته‌مه‌ن ١١ ساڵ یه‌کێکه‌ له‌و سه‌دان منداڵه‌ بێده‌ره‌تانه‌ی كه‌ تووشی ده‌رۆزه‌كردن كراوه. ئه‌و نایشارێته‌وه‌ كه‌ شه‌رم له‌ كاره‌كه‌ی ده‌كات، به‌ڵام ئه‌و پاساوه‌ی بۆ ده‌هێنێته‌وه: «باوكم په‌ككه‌وته‌یه‌ و ناتوانێ كار بكات، دایكیشم كاری ماڵان ده‌كات و زۆر جار كاری نییه، بۆیه‌ من و خوشكم و برا بچووكه‌كه‌م ناچارین ئه‌و كاره‌ بكه‌ین كه‌ زۆر ناخۆشه‌ و خه‌ڵك زۆر به‌ سووكی سه‌یرمان ده‌كه‌ن.»

سۆزان خالد، راوێژكاره‌ له‌ په‌رله‌مانی كوردستان و خاوه‌ن بڕوانامه‌ی ماسته‌ره‌ له‌ كارگێڕیی كار و سه‌باره‌ت به‌ كاری ئافره‌تان ده‌ڵێت: «ئاشكرایه‌ ئافره‌تی كورد زۆر كارایه‌ له‌ ئه‌نجامدانی كاره‌كانی و گیانی پابه‌ندبوون و هه‌ستكردنی به‌ به‌رپرسیاریه‌تی زۆر به‌رزه، ئه‌مه‌ چ له‌ ئه‌نجامدانی كاروباری ماڵه‌وه، یاخود كاری فه‌رمی له‌ ناو دامودەزگاكانی حكوومی، یان له‌ كه‌رتی تایبه‌ت، وێڕای ئه‌مه‌ش ئافره‌تی كورد زۆر وردبینه‌ بۆیه‌ ده‌كرێت له‌ گشت بواره‌كان و ته‌نانه‌ت له‌ راپه‌ڕاندنی كاروباره‌كانی وڵاتیش پشتی پێ ببه‌سترێت.»

ئه‌و راوێژكاره‌ی په‌رله‌مان، پێداگری له‌سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ پێویسته‌ زه‌مینه‌ی كاركردنی ئافره‌ت له‌ ده‌ره‌وه‌ی ماڵ فه‌راهه‌م بكرێت، به‌ جۆرێك كه‌ كاره‌كه‌ی كارێكی شیاو و گونجاو بێت و كۆمه‌ڵگه‌ به‌ چاوی سووك سه‌یری نه‌كات. هاوكات پێشنیار ده‌كات، «به‌هۆی ده‌ستپاكی و وردبینیی ئافره‌ت ده‌كرێت به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ژمێریاری له‌ ده‌زگاكان و بانكه‌كان به‌ ئافره‌ت بسپێردرێت. هه‌روه‌ها پێویسته‌ سوود له‌ ده‌ستڕه‌نگینی و كاری ده‌ستی ئافره‌ت وه‌ربگرن، هه‌رچه‌نده‌ ئێستا هه‌وڵی تاكه‌كه‌سی ده‌درێت له‌لایه‌ن ئافره‌تانه‌وه، به‌ڵام ده‌كرێت په‌ره‌ به‌م بواره‌ بدرێت و بكرێته‌ پیشه‌سازی نیشتمانی، ئه‌وه‌ش زۆر گرینگه‌ كه‌ رۆڵی زیاتر بدرێت به‌ ئافره‌ت له‌ كاركردن له‌ كه‌رتی گه‌شتوگوزار، ئه‌مه‌ش وێڕای ئه‌وه‌ی سیمایه‌كی جوان و شارستانی به‌و كه‌رته‌ ده‌به‌خشێت، له‌لایه‌كی تر سوود وه‌رده‌گیرێت له‌ بیرۆكه‌ جوانه‌كانی ئافره‌تان بۆ پێشخستنی ئه‌م كه‌رته.» گوتیشی: «جگه‌ له‌ هۆشیاركردنه‌وه‌ی ئافره‌تان سه‌باره‌ت به‌ چۆنیه‌تی دانانی بودجه‌ی ماڵ و رێكخستنی خه‌رجییه‌كان و پاشه‌كه‌وتكردنی پاره، زۆر پێویسته‌ بوار به‌ ئافره‌ت بدرێت كه‌ له‌ بواری وه‌به‌رهێنان كار بكه‌ن، به‌تایبه‌تی كه‌ ژماره‌یه‌كی زۆر ئافره‌تی خاوه‌ن بڕوانامه‌ی باڵان هه‌ن كه‌ له‌ ئابووری، ئه‌ندازیاری و كشتوكاڵ و...هتد پسپۆڕن و پێویسته‌ سوود له‌ تواناكانیان وه‌ربگیرێ و چیتر ئافره‌ت ته‌نیا وه‌ك كارمه‌ندی ئۆفیسی دانه‌مه‌زرێت، به‌ڵكو بواری پێ بدرێت كه‌ به‌ شێوه‌كی مه‌یدانی كار بكات و ببێته‌ خاوه‌ن سه‌رمایه‌ و كاری سه‌ربه‌خۆ، ئه‌مه‌ش رۆڵێكی زۆری ده‌بێت بۆ زیادكردنی داهاتی وڵات به‌ هۆی ئه‌وه‌ی ئافره‌تان زۆر پابه‌ندی یاسا ده‌بن له‌ پێدانی باج به‌ ده‌وڵه‌ت و ئه‌نجامدانی كاره‌كانیان به‌پێی كوالیتی باش، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا پێویسته‌ كاری جددی بكرێت بۆ هۆشیاركردنه‌وه‌ی ئافره‌تان سه‌باره‌ت به‌ چۆنیه‌تی دانانی بودجه‌ی ماڵ و رێكخستنی خه‌رجییه‌كان و پاشه‌كه‌وتكردنی پاره‌ و هان بدرێن بۆ ئه‌وه‌ی كاری ده‌ره‌وه‌ی ماڵ بكه‌ن و خاوه‌ن داهاتی سه‌ربه‌خۆ بن.»

ئابووریناس هونه‌ر عه‌لی، سه‌بارت به‌ هه‌مان پرس رایوایه: «رۆڵی ئافرت له‌ هه‌موو بوارێكی ژیان گرینگی و تایبه‌تی خۆی هه‌یه. ئافره‌ت ده‌توانێت بڕیاری دروست و جوان ده‌ربكات له‌ ئیداره‌دانی فه‌رمانگه‌یه‌ك، یاخود ده‌زگایه‌ك، ئافرت له‌گه‌ڵ پیاودا ده‌توانێت له‌ بڕیاردان و جێبه‌جێكردندا به‌شدار بێت له‌ رووی ئابوورییه‌وه، زۆریش گرنگه‌ رۆڵی ئافره‌ت له‌ به‌رچاو بگیردرێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئافره‌ت پێش پیاو كه‌وتووه‌ له‌ ئیداره‌دان، چونكه‌ ئافره‌ت له‌ ته‌مه‌نێكی زۆر كه‌م و له‌ ماڵدا فێری به‌ڕێوه‌به‌ردنی ماڵ ده‌بێت، كه‌ هیچ جیاوازی نییه‌ له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌بردنی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه‌ك، چونكه‌ ئه‌ركی ماڵ قورستره‌ تاوه‌كو فه‌رمانگه‌یه‌ك. ئه‌ركی ماڵ له‌ په‌روه‌رده‌ و به‌خێوكردنی منداڵ و ته‌حه‌مولكردنی ئه‌ركه‌كانی هاوسه‌ر و خێزانه‌كه‌یه، به‌ڵام له‌ فه‌رمانگه‌ به‌ گوێره‌ی یاسا و رێنماییه‌كان كارده‌كرێت. واتا ئافره‌ت به‌ ته‌حه‌مولتره‌ له‌گه‌ڵ كیشه‌ و گرفته‌كان، هه‌روه‌ها كاركردنی ئافره‌ت له‌ ده‌ره‌وه‌ی ماڵ وه‌ك فه‌رمانبه‌ر، یان وه‌به‌رهێن، جگه‌ له‌وه‌ی ورەیه‌كه‌ بۆ پیاو له‌ كه‌مده‌رامه‌تیدا و هاوكار و یارمه‌تیده‌ری ده‌بێت، ئه‌وا داهاته‌كه‌ی بازاڕیش ده‌بووژێنێته‌وه.»

**له‌ رابردوودا به‌هۆی عورف و عاده‌تی کۆمه‌ڵگه‌ ئافره‌تان نه‌یانده‌توانی به‌ ئاسانی کار بکه‌ن، ده‌ترسان له‌لایه‌ن خه‌ڵکه‌وه‌ لۆمه‌ بکرێن و قسه‌ و قسه‌ڵۆکیان بۆ دروست بکه‌ن، به‌ڵام ئێستا ئه‌و به‌ربه‌سته‌ نه‌ماوه‌ و کۆمه‌ڵگه‌ گۆڕاوه**

**کارکردنی ئافره‌ت له‌ ده‌ره‌وه‌ی ماڵ وه‌ک فه‌رمانبه‌ر، یان وه‌به‌رهێن، جگه‌ له‌وه‌ی وره‌یه‌که‌ بۆ پیاو له‌ که‌مده‌رامه‌تیدا و هاوکار و یارمه‌تیده‌ری ده‌بێت، ئه‌وا داهاته‌که‌ی بازاڕیش ده‌بووژێنێته‌وه**

**پێویسته‌ سوود له‌ ده‌ستڕه‌نگینی و کاری ده‌ستی ئافره‌ت وه‌ربگرن، هه‌رچه‌نده‌ ئێستا هه‌وڵی تاکه‌که‌سی ده‌درێت له‌لایه‌ن ئافره‌تانه‌وه، به‌ڵام ده‌کرێت په‌ره‌ به‌م بواره‌ بدرێت و بکرێته‌ پیشه‌سازی نیشتمانی**

ئەو ئابووریناسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە ئێستادا بەرەوپێشچوونێکی زۆر لە بواری کارکردنی ئافرەت بەدیهاتووە.» هاوکات دەڵێت: «لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان دەبینین ئافرەت شان بە شانی پیاو کاردەکات، وەك فەرمانبەر لە فەرمانگەکان و وەك کرێکار لە کارگەکان و وەك فرۆشیار لە بازاڕ کار دەکات، تەنانەت کاری سەرپەرشتی دەکات و ئافرەت هەیە خاوەن پرۆژە و دوکان و مۆڵە. واتە لە رابردوودا بەهۆی عورف و عادەتی کۆمەڵگە ئافرەتان نەیاندەتوانی بە ئاسانی کار بکەن، دەترسان لەلایەن خەڵکەوە لۆمە بکرێن و قسە و قسەڵۆکیان بۆ دروست بکەن، بەڵام ئێستا ئەو بەربەستە نەماوە و کۆمەڵگە گۆڕاوە، ئافرەتانیش سەلماندوویانە کە لە راپەڕاندنی کار و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لە پیاو دڵسۆزترن.»

لەتیف حوسێن، توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ئێستای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی هەرێم، قسەکردن لەسەر ئابووریی سەربەخۆی ژنان و دەستراگەیشتنی خودی ژنان بە جومگە سەرەکییەکانی ژیان گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە پاڵپشتە بۆ ئەوەی ژنان خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیان بن، ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرلەبەری کایەکانی ژیانی ئێمە بە جۆرێك گۆڕانکاری لە هزرو بیرکردنەوەو کەلتووری ئێمەدا کردووە، ئەگەر ژنان و ئافرەتان خاوەنی ئابووریی سەربەخۆی خۆیان نەبن، بەداخەوە رووبەڕووی چەوسانەوە و هەندێجاریش رووگیری کەلتوورە باوەکەی کۆمەڵگە دەبنەوە، هەربۆیە ئێستا گرنگە ئەوە بڵێین بە خاوەن بوونی ئابووریی سەربەخۆی ژنان گرنگیی ئەوەی هەیە کە خۆیان دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە لەناو کۆمەڵگەدا ژیانی مرۆڤانەی خۆیان پیادە بکەن، بە بێ ئەوەی ئەو روانینە باوە خراپەی بەتایبەت پیاوان لەسەر رۆڵ و پێگەی ژنان هەیە، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.» گوتیشی: «دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت، کە ناکرێت نەهێشتنی جیاکاری رەگەزی و هەموو ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر بە ژنان و ئافرەتان دەکرێت و هەموو ئەو تێڕوانینە خراپەی بەرامبەر بەتوانای رەگەزی مێ هەیە، بە بوونی ئابووریی سەربەخۆ بیبەستینەوەو وابزانین هەموو ئەوانە چارەسەر دەکات، بەڵکو دەبێت ئێمە ئەو هۆشیارییەمان هەبێت بەوەی کە ئابووریی سەربەخۆی ژنان بە مانای جیاکاری و وەلانانی رۆڵی پیاو نییە، هێندەی ئەوەی کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پاراستنی هاوسەنگیی کۆمەڵگە و خێزانیش، چونکە لێکدانەوەی ئابووریی سەربەخۆی ژنان تا ئەم ساتەش لەلایەن کۆمەڵگەو پیاوانەوە لێکدانەوەیەکی خراپ و نێگەتیڤە. لەهەموو بارەکاندا باوەڕم وایە ئابووریی سەربەخۆی ژنان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و



پێگەی ژنان بەگشتی لەناو کۆمەڵگەو خێزانیشدا بەهێزو کاریگەرتر دەکات.»

بەپێی رووپێوێکی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی ٢٠١٧ یەك ملیۆن و ٢٤١ هەزار و ٤١٧ کەس، کە تەمەنیان گونجاوە بۆ کارکردن، کارناکەن و بەدوای کاریشدا ناگەڕێن. ئەو ژمارەیەش دەکاتە ٢٢,٣٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان.

بەپێی ئامارەکە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥- ٦٤ ساڵدایە و بە «هێزی کار» ناودەبرێن، ژمارەیان یەك ملیۆن و ٣٨٢ هەزار و ٢٨٥ کەسە، لەوانە یەك ملیۆن و ١٩٥ هەزار و ٢٦٣ هەزار کەسیان کار دەکەن. هەروەها ١٨٧ هەزار و ٢٢ کەسیان بێکارن، بەڵام ئارەزووی کار دەکەن و بە دوایدا دەگەڕێن.

هەر بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندان، رێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان ١٣,٥٪ە، ئەوانەشی لە چوارچێوەی بازاڕی کاردان و کاردەکەن، بە رێژەی ٥٢٪یان لە کەرتی گشتیدان کە ژمارەیان ٦٢٧ هەزار و ٥٠١ کەسە.

لە هەرێمی کوردستان هێزی کار و کەسانی ناکارا، هاوتان، ١,٣ ملیۆن کەس کار دەکەن، یان دەیانەوێت کار بکەن و بەشوێنیدا دەگەڕێن، بەڵام ١,٢ ملیۆن کەس کار ناکەن و بەشوێن کاریشدا ناگەڕێن.

زۆربەی ئەو کەسانەی دەکەونە ئەو خانەیەوە ئافرەتن، یان کەسانێکن پێویستیان بەکار نییە، هۆکاری ئەوەی زۆربەی ئەو ژمارەیە ئافرەتن، بۆ ئەوە گەڕاندراوەتەوە کە بەشێکی لایەنی کۆمەڵایەتییە و بەربەستە لەبەردەم کارکردنی ئافرەتاندا لەهەرێمی کوردستان، بەشێکی دیکەشی ژینگەی کارکردنە لە هەرێمی کوردستان کە بۆ ئافرەتانی بە گونجاو نازانن.

**بەهۆی دەستپاکی و وردبینیی ئافرەت دەکرێت بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دەزگاکان و بانکەکان بە ئافرەت بسپێردرێت**

**پێویستە زەمینەی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ فەراهەم بکرێت، بە جۆرێک کە کارەکەی کارێکی شیاو و گونجاو بێت و کۆمەڵگە بە چاوی سووک سەیری نەکات**

**ئافرەتی کورد زۆر کارایە لە ئەنجامدانی کارەکانی و گیانی پابەندبوون و هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی زۆر بەرزە**



# خانمان بۆ پێشوازی لە جەژن ئامادەکاری دەکەن

**جەژنی رەمەزان وەك بۆنەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، لە کوردستاندا زۆر بە گەرمی یادی دەکرێتەوە و هاووڵاتیان لەو بۆنەیەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان تازە دەکەنەوە و سەردانی یەکتر دەکەن و نوقڵ و شیرینی دابەش دەکەن، جەژنیش وەك زۆری بۆنەکانی دیکە، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو هاووڵاتیان پێیانوایە سەرەڕای ئەوە جەژن لە رابردوودا بە بەراورد بە ئێستا زۆر سادەتر بووە، بەڵام خۆشتر بووە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەهێزتر بووە. لەم نێوەندەدا خانمان هەموو ئامادەکارییەکیان کەوتۆتە ئەستۆ و وەك هەمیشە لە تێپەڕاندنی سەختییەکانی ژیان و ئەرکی قورسی رۆژانەیان پشکی شێریان بەرکەوتووە، مامۆستایەکی زانکۆش پێیوایە ئەوە ستەمێکی کۆمەڵایەتییە لە ئافرەتان دەکرێت.**

سەرەتا رێزان سابیر، فەرمانبەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەمیشە جەژن و بۆنەکان لای تاکی کورد بەتایبەت هەولێرییەکان بایەخی تەواوی پێ دراوە و بەر لە هاتنی جەژن ئامادەکاری زۆری بۆ دەکرێت، ئەگەرچی جەژنی ئێستا تام و چێژی جەژنەکانی رابردووی نەماوە، تەنانەت ئافرەتانیش ئەو گڕ و تینەی جارانیان بۆ ئامادەکاری جەژن نەماوە، لە رابردوودا نزیکەی دە رۆژ پێش جەژن دەست دەکرا بە خاوێنکردنەوەی ناوماڵ و شووشتنی دار و دیوار و پەردە و پەرچەف و بەتانی و بەرگی دۆشەك و بالیف، هەرچی نوینی سەر کانتۆر هەبوو هەموومان دەبردە سەربان و دەماندایە بەر خۆر، تەنانەت قاپ و مەنجەڵەکانیشمان سپی دەکردەوە، جگە لەوانە ١٠٠ تا ٢٠٠ نانی تیری دەکرا بۆ ئەوەی جەژن بە ئیسراحەت میوان و میوانداری بکەن، هەروەها کولیچەی زۆریش دروست دەکرا، بەڵام ئەوکات زۆربەی خەڵك لە ماڵەوە فڕنی نەبوو، کولیچەکان بە سینی گەورە گەورە دەبرانە فڕنی بازاڕ و لەوێ سووردەکرانەوە، بەداخەوە ئێستا بەهۆی جەنجاڵی ژیان و خەریکبوون بە مۆبایل و ئینتەرنێت و فەیسبووك جەژن ئەو خۆشیەی جارانی نەماوە، لە ئێستادا جەژن زۆر ساردو سڕەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان زۆر کەم بوونەوە، تەنانەت زۆرکات بۆ

جەژنە پیرۆزەش ناچنە ماڵەکان بۆلای یەکتری، تەنیا بە تەلەفونێك، یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە جەژنە پیرۆزە لە یەکتر دەکەن.»

حەسیبە سەعید، مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە لە پەروەردەی سۆران و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ڕەمەزان یەکێکە لەو مانگە پیرۆز و پڕ بەرەکەتانەی کە تەواوی موسڵمانانی جیهان پێکەوە تێیدا بەڕۆژوو دەبن و بە شێوازێکی جیا لە مانگەکانی تر هەموو ماڵە موسڵمانێك لە گەڵ دەنگی بانگی ڕۆژئاوا ڕۆژوویەکانیان دەکەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی موسڵمانان لەو مانگەدا زیاتر دەست دەکەن بە عیبادەت و نزا و لە خوا پاڕانەوە چوون بۆ مزگەوت و لە ناوەڕاستی ڕەمەزان دەست دەکەن بە جیا کردنەوەی سەرفترە لە ماڵیان و بە شێوازێکی ئایینی دەدرێت بە ماڵە هەژارو کەمدەرامەتەکان، دوای مانگێکی تەواو، ڕۆژی جەژن دێت کە بە جەژنی ڕەمەزان ناو دەبرێت، بە درێژایی شەوانی ڕەمەزان بەتایبەت لە ڕۆژانی نزیکبوونەوە لە جەژن بازاڕەکان هاموشۆی زیاتر بە خۆوە دەبینێت، بەهۆی زۆری کڕیارانەوە بۆ ئامادەکاری جەژن هەر لەو ڕۆژانەشدا ئافرەتان، چونکە ئەرکی ڕێکخستن و ماڵ و ئامادەکارییان لە سەر شانە لە ماڵەکاندا، چەند ڕۆژێك بەر لە جەژن دەست دەکەن بە ماڵ پاك کردنەوەو بازاڕکردن و خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو ڕۆژە...هەر لە کڕینی جلوبەرگ تا.....کڕینی نوقڵ و شیرینی بۆ منداڵان. لە زۆربەی ماڵەکاندا چێشتی جەژن ئامادە دەکرێت کە دوای گەڕانەوەی پیاوەکان لە نوێژی جەژن و گەردەن ئازاکردن پێشکەش دەکرێت، پاشان بە مەبەستی پیرۆزی و گەردەن ئازاکردن پیاوان دەست دەکەن بە سەردانی ماڵە دراوسێیەکان و دوای نیوەڕۆش ئافرەتان دەست دەکەن بە سەردانی دەرو دراوسێ، ئەوە بە شێوازێکی گشتی، بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە تا چەند هەموو ماڵێك جەژن دەکاتەوە بە واتای جەژن و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژە؟ یان تا چەند هاوکاری پێشکەش بەو خێزانانە دەکرێت، کە ناتوانن هیچ ئامادەکارییەك بکەن بۆ جەژن؟ هیوام وایە ئافرەتانمان بتوانن بەشێوازێ ئەگەر کەمیش بێت، هاوکاری هەموو ئەو دراوسێیانە بکەن کە هەژار و کەمدەرامەتن، تاوەکوو ئەوان و منداڵەکانیشیان لە خۆشیی ڕۆژانی جەژن بێبەش نەبن. ئافرەتان هەمیشە بە دڵسۆزی و میهرەبانی بە ناوبانگن، بۆیە لەم جەژنە پیرۆزەش دەتوانن یارمەتی هەژاران بدەن و خوای گەورەش زیاتر لە خۆیان ڕازی بکەن.»

دوریا شێروانی، چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و ڕایوایە: «وەك زۆرێك لە کاروبارەکانی دیکەی ژیان، ئافرەت سەرپشکە لە ئامادەکاری بۆ جەژن، سەرەڕای ئەم بارودۆخە ناهەموارە لە ڕووی ئابووری و سیاسی بەسەر خەڵکەکەدا هاتووە، بەڵام ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان دەبینن و بەدڵێکی پڕئومێدەوە ڕووو بازاڕ دەڕۆن و لە دڵخۆشکردنی خێزانەکانیان و بەتایبەت منداڵەکانیان غافڵ نابن، ئەمەش دوای مانگێك بەڕۆژوو بوون و عیبادەتکردن بۆ خودای تاك و پاك و بۆ پاکبوونەوەی دڵەکان و زیاتر نزیکبوون لە خودا لەم مانگە پیرۆزەدا.»

باسی ئەوەشی کرد لە ڕۆژی جەژن لە بەرەبەیانەوە ئافرەتان ئامادەکاری دەکەن و خواردنی تایبەت بۆ جەژن ئامادە دەکرێت و بە ڕازاندنەوەی ماڵەکان و بۆنخۆشکردنی دیواخانەکان کەشێکی پڕ جۆش و خرۆشتر دەخەنە ماڵەکان و جەژن واتای تەواوی خۆی دەبەخشێت، ئەوەی دەستپێکە بۆ جەژنێکی دڵخۆشکەر بازاڕکردنی ئافرەتانە بۆ جلوبەرگی جەژن، بەتایبەت بۆ منداڵان، هەروەك دەزانین جەژن، جەژنی منداڵان و گەنجانە پێش ئەوەی هی گەورەکان بێت، بۆ ئەوەش چەند ڕۆژێك پێش جەژن بازاڕەکان قەرەباڵغییەکی زۆر و دوکانەکان کڕیارێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، تەنانەت شەوانیش تا درەنگانێك بازاڕەکان لە پێشوازی کڕیاردایە، ئەمەش نەریتێکی باوی موسڵمانانە وەك ئامادەکاری و پێشوازیکردن لە وەها ڕۆژێك و ئەمەش خۆی لە ماندووبوونی ئافرەتان دەبینێتەوە وەك خەمخۆری سەرەکی لە کڕینی جلوبەرگ و پێداویستیی منداڵەکانی و بەتایبەتی بازاڕی جلی کوردی لە بۆنە و جەژنەکاندا گەرم و گوڕییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و ئەمەش لەڕووی ئابووری و کەلتوورییەوە خاڵێکی گرنگ وئەرێنییە، هەم بۆ فرۆشیار و درووماناکاران، هەمیش بۆ ئێمە وەك میللەتی کورد بۆ پاراستن و بە زیندوو هێشتنەوەی کەلتوورەکەمان، بەهیوای جەژنێکی پڕ لە خۆشی و ئارامی بۆ هەموو لایەك.»

سالار تاوگۆزی، مامۆستای زانکۆ و نووسەر لەبواری ئایینناسی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «نەك هەر لە جەژندا، بەڵکو لە زۆربەی بۆنە ئایینییەکانی دیکەو بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەرکی خانمان قورستر دەبێت، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی دابەشکردنی ئەرکەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە لە ئەرکەکانی پەیوەست بە ماڵەوەدا ئافرەتان پشکی شێریان بەردەکەوێت، ئەمەش خۆی بۆ خۆی ستەمێکی کۆمەڵایەتیە لە ئافرەتان دەکرێت.ئەمە لەکاتێکدایە کۆمەڵگەی ئێمە بە زۆری موسڵمانە و دەبێت پیاوان ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە پێغەمبەری ئیسلام (د . خ) خۆی لە ماڵەوە هاوکاری هاوسەرەکانی کردووە. هەروەها پەیوەندی بە تێڕوانینی نێرسالارییانەی کۆمەڵگەی ئێمەوە بۆ ئافرەت هەیە. بۆیە ئێستا پێویستە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیای هاوچەرخدا چاوێك بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانماندا بخشێنینەوەو دووبارە دابەشکردنەوە بۆ ئەرکەکان بکەین. ئەمڕۆ ئافرەت شانبەشانی پیاوان هاتووەتە مەیدانی کارکردن و لەدەرەوە هاوکاری پیاوان دەکات و لەهەمان کاتیشدا کاروباری ماڵەوەی لەسەرشانە، بەڵام پیاوان هێشتا لەماڵەوە هەستیان بە بەرپرسیاریەتی نەکردووە و هاوکاری ژنەکانیان ناکەن.

**نەك هەر لە جەژندا، بەڵكو لە زۆربەی بۆنە ئایینییەکانی دیکەو بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەرکی خانمان قورستر دەبێت، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی دابەشکردنی ئەرکەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە**

**هیوام وایە ئافرەتان بتوانن بەشێوازێ ئەگەر کەمیش بێت، هاوکاری هەموو ئەو دراوسێیانە بکەن کە هەژار و کەمدەرامەتن، تاوەکوو ئەوان و منداڵەکانیشیان لە خۆشیی ڕۆژانی جەژن بێبەش نەبن**

**ئافرەتان هەمیشە بە دڵسۆزی و میهرەبانی بە ناوبانگن بۆیە لەم جەژنە پیرۆزەش دەتوانن یارمەتی هەژاران بدەن و خوای گەورەش زیاتر لە خۆیان ڕازی بکەن**